کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-5-2007 16:16

## نامەیەکی کراوە بۆ هەریەک لە وەزیرە بەڕێزەکانی حزبی شیوعی کوردستان، سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان، زەحمەتکێشانی کوردستان، لایەنی ئیسلامی و تورکمانی و ئاشووری... کوردۆ سالح

بەرێزان ئاشکرایە تا دێت ئاستەنگەکانی بەردەم چالاکی رۆژنامەوانی بەهێزترورێگریەکان شێوازی جیا جیا لەخۆ دەگرن، بەگرتن و هەرەشەو دارکاریکردنەوەش، ئەم رەوشە نالەبارەی بواری رۆژنامەوانی کە وەك دەسەڵاتی چوارەم تێیدا وجودی نیە، نارەزاییەکی فراوانی لێکەوتۆتەوە بەتایبەتی لەلایەن رۆژنامەوانانەوە کە یەکەم ئامانجی هەرەشەو پێشێلکاریەکانن و هەمیشە دەرگا بەروودا داخراون.



دەکرێ، لەپێناوی گەیاندنی پەیامی پیرۆزی رۆژنامەوانی و، بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگاو بە بەمەدەنی کردنی دامەزراوەکانیدا، هەنگاوێك بهاوێژرێ، گەر نیازتان هەبێ و بتانەوێ، گەندەڵی لە لەشی حکومەت داتەکێنن و حساب بۆ دەسەڵاتێکی پەراوێزکراو بکەن، دەتوانن لە وەزارەتەکانی خۆتاندا شەفافیەتێکی بێ مەرج و سانسۆر پراکتیزە بکەن و، لە دەسەڵاتتان دایە دەرگای وەزارەتەکانتان هەر لە پرسگەوە تا دەگاتە ژووری بەرێزتان بەرووی رۆژنامەوانانداا والا بکەن، بودجەو خەرجی، وەسلی کرین وگرێبەستەکانتان مووچەو نەسریە تایبەتیەکان، پرۆژەو کۆسپەکانی بەردەمیان، ئەمانە وەك نەریتێکی کوردەواری لەهێڵی سورو پیرۆزی و قەدەغەکراوەکان نین، بۆیە پێویستە لەهەر کات وساتێکدا بێ جیاوازی بخرێنە بەردەست رۆژنامەوانان، ئەم مەرامە پربایەخ ودرەنگ وەختەش دەکرێ وەك کودەتایەکی شۆرشگێرانە، بەرووی گەندەڵی وبەرتەنگکردنەوەی ئازادی را دەربریندا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئیعلان بکرێ.

برپارێکی وا هێزێکی مەعنەوی بە بەرگیانی کارەکتەرەکانی بواری رۆژنامەوانی دەبەخشێت، دەروازەیەك بەرەو بە دەسەڵات بوون دەکاتەوە، گورزێکی کوشندەش لە جەستەو نەفەسی نزمی گەندەڵیی و راوو رووت دەسرەوێنێ.

هەرچەندە لەوانەیە ئەم پرۆسەیە بەهۆی بەرژەوەندی تایبەتی و ئیرادەی نێگەتیڤانەی سەروترەوە پرۆسەیەکی ئاسان نەبێ، بەڵام مەرام و هەنگاوێکی راستگۆیانەو بەجێ دەبێ، لە پێناوی بەرژەوەندی جەماوەرو چاودێری کردنی سەروەت و سامانی نیشتیمانەکەمان، رەنگدانەوەو کاریگەری راستەوخۆی دەبێت بەسەر وەزارەتەکانی ترو سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستاندا، کەلە ژێر باڵی گەندەڵیدا هەناسە سوارو برست لێبراون.

میدیا وکوردستانیان پاڵپشتی لە رابوونێکی وادەکەن، کە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان و بە مەدەنی کردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگاکەیدا بێت.

هەر ئەمەشە کە بەر بەزمانی زبر دەگرێ، کەلایەنی دەسەڵاتدار بەو بیانووەوە دەیانەوێت سنور بۆ ئازادی رادەربرین بکێشن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.